# کێ بازرگانی بە کارەساتی هەڵبجەوە دەکات ؟

**دکتور فایق محەمەد گوڵپی**

2005-12-24

شەوی 23/24-12-2005 سەیری بەرنامەی پیڤاژۆ ی ڕۆژتڤ م دەکرد ، بەرنامەکە تایبەت بوو بە بڕیاری دادگایی کردنی ڤان ڤرانس ئەنراتی بازرگانی چەکی کۆکوژی هۆلەندی کە لە دادگای لاهای بە پانزە ساڵ زیندانی سزا درا . ڕۆژی 23-12-2005 بڕیاری 15 پانزە ساڵ زیندانی بۆ ئەم تاونبارە دەرچوو ، بە هۆی هاوکاری کردنی ناوبراو لە پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کوردا . ئەم دادگاییکردن و سزادانە بە یەکێ لە ڕۆژە مێژوویەکانی تێکۆشانی گەلەکەمان دەژمێردرێت . چوونکە ئەگەر دادگایەکی نێونەتەوەیی وەك دادگای لاهای سزای 15 پانزە ساڵ بۆ کەسێکی ئەورووپی ببڕێتەوە لە بەر ئەوەی هاوکاری دەسەڵاتدارانی بەعس بووە لە جینۆسایدی گەلی کوردا ، واتایەکی زۆر گەورەی هەیە ، یەکەم واتای ئەوەیە لە دادگایەکی نێونەتەوەیی باوەڕ پێکراودا تاوانی جینۆساید ی گەلی کورد کە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنجامدراوە بە ڕەسمی دانیپێدانرا ، ئەمە سەرکەوتنێکی هێجگار گەورەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی ، وە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی گشتی . نەتەوەی کورد بۆی هەیە مافی چارەی خۆنووسینی خۆی دیاری بکات ، چۆنی بوێت وا قەوارەی سیاسی خۆی دەستنیشان بکات و یاسای نێودەوڵەتی لەم بوارەدا پشتیوانی دەکات . دووەم لایەنی گرنگی ڕووداوەکە ئەوەیە کە چەندان نووسەر و پەرلەمانتاری هۆڵەندی لە دژی هاوڕەگەزەکەی خۆیان ، شان بە شانی کوردە چالاکەکانی ڕێکخراوی چاك تێکۆشاون تا ئەم دادگاییکردنە سەرکەوتن بە دەست بێنێت ، ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێ کە لەم سەردەمەدا کورد پشتووپەنای هەیە و لایەنی مرۆڤدۆستی و ڕەوشتی سیاسی هۆڵەندیەکان لە پێش بەرژەوەندی تەسکی نەتەوایەتی و نیشتمانیەوە بوو . سێهەم لایەنی گرنگی ئەو ڕووداوە کەم وێنەیە ئەوەیە کە ڕێکخراوێکی بچووکی خاوەن ئیرادەی وەك چاك سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بە دەستهێنا ، سەرکەوتنێك کە حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوور نەك هەر کاری وا لە بەرنامەیاندا نەبووە و بیریان لێنەکردۆتەوە ، بەڵکوو چەند بۆیانکرابێت دژایەتی ئەو چالاکیەی ڕێکخراوی چاك یان کردووە ، داکۆکی کردن لە نزار خەزرەجی تاوانبار لە لایەن سەرکردەکانی باشوورەوە ڕاستی ئەو هەڵویستەی دەسەڵاتدارانی باشوور دەرئەخات ، کە چۆن داکۆکی لە سەرانی تاوانباری ڕژێمی جینۆسایدکەری کوردستان دەکەن . ئەبێ ئەم سەرکەوتنەی ڕێکخراوی چاك تینوو تەوژمێکی گەورە بە ڕۆحی تێکۆشان و کۆڵنەدانی جەماوەری گەلی کورد و حزب و ڕێکخراوەکانی کومەڵگای مەدەنی بدات ، تا لە سەر بەدەستهێنانی ئامانجەکانی تری گەلەکەمان بەردەوامبن .

لەو چاوپێکەوتنەی هەرسێ برای بەڕێز دانا هەڵبجەیی ، ئەمیر قادر ، عەلی ڕەحیمی کە ڕۆژتڤ لە گەڵیاندا ئەنجامیدا شێوەی خەبات و تێکۆشانی خۆیانیان ڕوونکردەوە ، یەك لە گرفتەکانیان ئەوە بووە کە تواناکاری مادیان لە دەستا نەبووە بۆ ئەوەی کارەکەیان ئەنجامبدەن .

ئەمە لە کاتێکدایە کە دەنگووباسی زۆر بڵاوە کە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە ڕێگەی کارەساتی هەڵبجەوە هەزاران ملیۆن دۆلاریان بە ناوی ئاوەدنکردنەوە و چارەسەرکردنی بریندارەکانی چەکی کیمیاوی کۆکردۆتەوە ، بەڵام پارەکە لووش کراوە و هەڵبجەش هەر لە شوێنی خۆیدایە و ئەو ئاوەدانکردنەوەیەی پێیگەیشتووە لە سەدا 5 پێویستیەکانی تێر ناکات . ئەو پارەیەش بۆ دادگایی کردنەکەو بە ڕەسمیکردنی جینۆسایدی گەلی کورد پێویست بووە زۆر کەم بووە ، بەڵام حزبە دەسەڵاتدارەکان ئامادە نەبوون بڕێك لەو پارەیەی بەناوی هەڵبجەوە کۆکراوەتەوە بخەنە ژێردەستی چالاکڤانانی چاك تا لە سەر کاری دادگایی کردنی تاوانبارەکە بەردەوامبن . حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوور نەك ئامادە نەبوون بڕێك لەو پارەیەی بە ناوی هەڵبجەوە کۆیانکردۆتەوە بدەنە ڕێکخراوی چاك بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان ، ئامادەش نەبوون بڕیك لە پارەی بانقی هەڵبجە کە موڵکی خەڵکی شارەکە بوو لە کاتی کارەساتی کیمیابارانی هەڵبجەدا دەستیان بە سەردا گرت ، بخەنە خزمەتی دادگایی کردنی ئەنراختەوە . (بەڕێوەبەری بانقی ئەو کاتی هەڵبجە پێش تەقاندنەوەی بانقەکە بە ماوەیەك کلیلی بانقەکەی تەسلیمی بەرپرسانی هێزی پێشمەرگە کردبوو) . حزبە دەسەڵاتدارە پارەپەرستەکانی باشوور ئامادە نەبوون بڕێك لە سەروەتی شەهیدانی هەڵبجە کە لە کاتی کیمیابارانەکەدا دەستیان بە سەردا گرت بۆ دادگایی کردنی ڤان تەرخان بکەن .ئامادە نەبوون بڕێك لەو پارەیە کە لە باهۆڵە کۆنەکەی دایکمدا بوو لە ماڵەکەیاندا چەکدارەکان دەستیان بە سەردا گرت ، بۆ دادگایی کردنی ئەنراخت تەرخان بکەن . ئامادە نەبوون بڕێك لەو پارەیە کە لە دەستی کوڕەکانی ڕەشید عەزیز بە دەستیان کەوت بۆ دادگایی کردنی ئەنراخت بەکاربێنن .

یەکێتی و پارتی و بزووتنەوە و حسك کە چوار حزبی بەشداربووی هاوپەیمانی سوپای پاسدارانی ئێران بوون لە شەڕی گرتنی هەڵەبجەدا ، هیچکامیان غیرەت نەیگرت لە سەر حسابی بێشوماری بانکی خۆی بڕێك پارە بۆ دادگایی کردنی ئەنراخت تەرخان بکات .

بەڕێزینە لە گەڵ ئەوەشدا کە حزبە کوردستانیەکانی ئەو سەردەمەی کیمیا بارانی هەڵبجە (16-3-1988 ) لە تالانکردنی دام و دەزگاکانی حکومەت و ماڵی خەڵکە شەهیدو بریندارەکان دریغیان نەکرد ، لە دوای ئەوەشەوە تا ئەمڕۆ چەند دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێت دریغیان نەکردووە لە دەوڵەمەندبوون و بازرگانی کردن بە کیمیابارانی هەڵبجەوە . من ئەمجارە نموونەیەك لە بازرگانیکردنی دەسەڵاتدارانی کوردستان و داروودەستەکەیان

دەخەمە پێش چاوی ئێوە بەو هیوایەم لە ئایندەدا هەر کەس و لایەنێکی دڵسۆز نمونەی تری لایە بە زووترین کات بڵاوی بکاتەوە بۆ ئەوەی بازرگانانی ناوخۆش بەرەو ڕووی دادگا بکرێنەوە .

یەك لەو دەزگایانەی کە بە ناوی هەڵبجەوە لە ساڵی 1999 بە دواوە لە کوردستان و دەرەوەی وڵات کاری کردووە : پەیمانگای باڵای پزیشکی هەڵبجەیە

HALABJA POST_GRADUATE MEDICAL INSTITUTE(HMI)

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لای ئێمە هەیە ئەم پەیمانگایە لە کوردستان لە 6-8-1999 لە 4 چوار ناوەند دامەزراوە ،ئەرکی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە گەڕان بووە بە شوێن کاریگەریەکانی چەکی کیمیاوی لە سەر مرۆڤە بەرکەوتووەکان وە چارەسەرکردنی کاریگەریەکانی چەکی کیمیاوی لە سەر جەستەی بریندارەکان و هاوکاریکردنیان . بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕێکخراوەکە پارە لە چەندان ناوەندی جیاوە وەرگیراوە : وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،بەریتانیا ، سویسرە، چەندان ڕێکخراوی مرۆڤدۆستی نێونەتەوەیی .

ئەو چوار ناوەندەی کە پێویست بووە بنکەی ڕێکخراوە وەهمیەکەی لێبکرێتەوە ئەمانەن : 1.هەڵبجە 2.سلێمانی و کەرکوك 3.هەولێر 4. دهۆك . لە دارشتنی بووجەی شەش مانگی ئەم ڕێکخراوەدا بۆ تەنها بەڕێوەبردنی کارە ئیداریەکان بڕی 65 شەست و پێنج هەزار دۆلاری ئەمریکی خەرج کراوە وەك لە بەڵگەکەدا دەرئەکەوێت . ئەمە لە کاتێکدایە :

بنکەی ئەو ڕێکخراوە لە هیچ شارێکی کوردستاندا نەکراوەتەوە . ئەو کەسانەی کە بە کاری ئەنجامدانی ڕێکخراوەکە هەڵدەستن کەس نازانێت کێن . ئەمە تەنها بڕە خەرجی شەش مانگە ئاخۆ لە ساڵی 1999 بە دواوە چەند جاری تر پارە بەم شێوە وەهمیە خەرج کرابێت . ئایا ئەم پەیمانگایە چ بەرهەمێکی زانستی بووە ؟ چەند برینداریان چارەسەر کردووە ؟ وەڵام تەنها پارە پەیداکردن و بازرگانی کردن بووە بە کارەساتی هەڵبجەوە . ئێمە سەرچاوەی داهاتەکانمان لایە بەڵام چەند وەرگیراوە و چۆن خەرج کراوە ئەوە نوێنەرەکانی سێ حزب پارتی ، یەکێتی ، بزووتنەوە لە گەڵ بەرپرسی پەیمانگای هەڵبجە و بەرپرسی پەیمانگای کوردی لە واشینگتۆن دەزانن با وەڵامی خەڵکی هەڵبجەو هەموو گەلی کورد بدەنەوە .